کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-7-2007 19:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەهاباد قەرەداغی: شەرەف چەکێکی کۆکوژی ڕێگەپێدراوە دژ بە ژن. ... دیمانە: سەمیرە عەلی**

- خاتوو مەهاباد ئەوە دوای ئەوەی دوعا کوژرا زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان هەڵوێستیان وەرگرت و بە جۆرێک میدیاکان ئەو ڕووداوەیان وروژاند سادەترین تاکی کۆمەڵگە تا ئاستێکی باش ئاگادار بوونەوە لە مەسەلەی کوشتنی ژنان، بەڵام هەر دوای ئەو ڕووداوە ڕۆژانە گوێمان لەوە دەبێت کە تەرمی ژنێک لە ئەزمڕ، لە ئاوی دوکان، لە فلان پەنابەرد دا بە کوژراوی دۆزراوەتەوە. بەڕێزتان خوێندنەوەتان بۆ ئەو حاڵەتە چییە؟



مەهاباد قەرەداغی: ژنانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان هێز و ئیرادەیان لێ سەندراوەتەوە و لاوازکراون، بۆیە ژن وەکو گروپ تیۆرییەکەی داروین دەیگرێتەوە کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (بنەڕەتی جۆرەکان) دا ئاماژەی پێی داوە و دەڵێت: لە نێو هەموو جۆرەکانی گیانلەبەرانی سروشت، لاوازەکان مەحکومن بەوەی لەناو بچن. بەڵێ بە داخەوە لە کوردستاندا ژن نەک وەک تاکو تەرایەک کە دەکوژرێن و لەم پەنا و ئەو پەسیو فڕێ دەدرێن، بەڵکە وەک گروپ هێز و ئیرادەیان لێ سەندراوەتەوە و ئەگەر بەم شێوەیەش بەردەوام بێت ڕێک و ڕەوان تیۆرییەکەی داروین دەیانگرێتەوە و لەناو دەبرێن.

ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر ئەوەیان بکردایەتە ئامانجی خۆیان کە کاری بنەڕەتی بکەن و بەرنامە بۆ ئەوە دابنێن کە هێز و ئیرادە بگەڕێننەوە بۆ ژن نەک تەنها چالاکی لابەلایی و هەڵوێستوەرگرتن دوای کوشتنی ژنێک یان کچێک، لەماوەی ئەم پانزە ساڵەی ڕابردوودا هەنگاوی زۆر جیدی دەنرا و باری ژن زۆر سووکتر دەبووەوە. بەڵام زۆر بە داخەوە ساڵانی ساڵە ڕێکخراومان هەن و بە ژمارەزۆری ئەندامەکانی خۆیانەوە دەنازن، یان ڕێکخراومان هەن بە پێشکەوتوویی بەرنامەکانی خۆیانەوە لاف لێ دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا نەماندی کار بۆ ئەوە بکەن ژن وەک گروپ بکەن بە خاوەنی ناسنامەی خۆیان و بەو ئاراستەیە کار بکەن کە هێز و ئیرادە بۆ ئافرەت بگەڕێننەوە.

زۆر ژن دەکوژرێن، لە کوردستانیش و لە هەندەرانیش، بەڵام تەنها ئەو کاتە دەبنە جێگەی بایەخی ڕێکخراو و میدیا ناوخۆییەکانمان کە ڕێکخراو و میدیاکانی جیهان بایەخی پێ دەدەن، نموونەش دۆخەکانی کوشتنی پێلا و فادیمە و سارا لە سوید، هێشوو و بەناز لە بەریتانیا، لەم دواییەشدا کوشتنی دوعا بە شێوەیەک کە هەموو گەردوونی نیگەران کرد. دوای دوعا شەوبۆ کوژرا، پێش شەوبۆش چەندانی تر کوژراوە، بەڵام تەنها کاتێ هەڵوێستی لەسەر وەردەگیرێت کە دنیا پێ بزانێت و هەڵوێست وەربگرێت. ئەم شێوازی کارکردنەی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە.

کوشتنی دوعا وەک بومەلەرزەیەک وابوو لە نێو زەینی جیهاندا ڕوویدابێت، لە ئەنجامی ئەو بوومەلەرزە و سەروژووربوونەدا کێشەی ژنی کوردستانی بە دنیا ناساند. بەهۆی فیلمی کۆیلەمەرگی دۆعای کچەکوردەوە ئیدی هیچ حیزبێک ناتوانێت نکوڵی بکات کە لە کوردستاندا کێشەیەکی جیدی هەیە و ژنان بێ بەرگرین و وەک گروپ ژیانیان لە خەتەردایە.

من لە ڕادیۆیەکی سویدیشدا کە دوای مەرگی دوعا هاتبوون بۆ کوردستان تا بەرنامەی لەسەر بکەن، گوتم کە شەرەف چەکێکی کۆکوژیی ڕێگەپێدراوە دژ بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی و کوردستانیش مەخابن لەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کولتووره بێبەش نییە کە جەستەی ژنی کردووە بە شەرەفی پیاوانی بنەماڵە و بەهۆی ئەوەشەوە دەکەوێتە بەر خەتەری ئەو چەکی کۆکوژییە. ڕۆژنامەنووسەکە ئەم وەسفەی منی زۆر بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو کە بۆ (شەرەف) م بە چەکی کۆکوژی ناوم بردووە. حەقیقەت ئەوەیە کە هەتا پێناسەی شەرەف نەگۆڕین و لە جەستەی ژن نەیکەینە دەرەوە، ئەم چەکە بەردەوام هەڕەشە لە ناسنامەی ژن دەکات. بەم چەکە هێز و ئیرادە لە مێینە سەندراوەتەوە و لاواز کراوە و مرۆڤی لاوازیش مەحکومە بە لەناوچوون.

- بۆچی تا ئێستا میدیاکان نەیانتوانیوە ڕای گشتی لە مەسەلەی ڕەشەکوژی ئافرەت بوروژێنن؟

مەهاباد قەرەداغی: کەسانی پرۆفیشناڵ لە میدیاکانی ئێمە کار ناکەن تا چۆنێتی خستنەڕووی بابەتەکان بە لێزانییەوە ئەنجام بدەن. ڕۆژنامەنووس لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە مرۆڤە زۆر هۆشیارەکان پێکهاتوون و ئیتیک و موراڵی ڕۆژنامەوانی وەک پرنسیپ وەردەگرن و پەیڕەوی دەکەن. ئێمە وەک هەر بوارێکی دیکە لەمەشدا زۆر هەژارین و لە ماسمیدیای کوردیدا نەک هەر پشتیوانی دۆزی ژن ناکرێت، بەڵکە هەواڵەکانیش بە شێوازێک بڵاودەبنەوە کە هانی توندوتیژی دەدەن. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە ئافرەت خۆی خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆی خۆی نییە، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ژن زۆر کەمن، کەواتە کەسانێک ئەم بابەتانە دەوروژێنن کە بە خواستی خۆیان یاری بە چارەنووس و ناسنامەی ژنەوە دەکەن. تەلەفیزیۆنەکان کەسانێکی ئەوەندە کۆنەپەرست دێنن قسە لەسەر ئەم بابەتانە بکەن، لە جیاتی ئەوەی چاوی بڕێژێت چاوی کوێر دەکات. نەهامەتییەکە زۆر گەورەترە لەوەی وێنا بکرێت، نەک سەد و دووسەد، هەزار ڕێکخراوی دیکەش و دەیان دەزگای ڕاگەیاندنی دیکەش بەم شێوازەی ئێستا کار بکەن دەردی ژن دەرمان ناکەن. بە ڕاستی بارودۆخی ژن لە کوردستان جێگەی نیگەرانییە.

- پێت وایە دەسەڵاتی کوردی لە ئاستی ئەو مەسەلەیەدا خەمسارده؟ بۆچی؟

مەهاباد قەرەداغی: ئەنجامەکان خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارەن. ئێمە یەک شت بە زەقی دەبینین کە یاسا سەروەر نییە و پەرلەمانی کوردستان ڕێز لە یاساکانی خۆی ناگرێت. ئەوەندە بەس نییە کە یاسا بنوسرێت و چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە، ئەگەر ئەرکەکەی ئەوان هەر ئەوەندە بێت، خۆ دەزگا و دەوامی بۆچییە، منیش دەتوانم هەر ڕۆژەی یاسایەک بنوسم و چاپیشی بکەم و بڵاویشی بکەمەوە. ئەرکی پەرلەمان دەبوایە لە دوای دانانی یاساکانەوە دەستی پێبکردایە و چاودێری جێبەجێکردنیانی بکردایە. لە دنیادا شتی وا نەبووە کە یاسا دەربچێ و جێبەجێ نەبێت و پەرلەمانیش ئەوەندە خەمسارد بێت بەرامبەری. هەموو ئەمانەی ئێستا دەکرێن سبەینێ دەبن بە مێژوو، ئێمە بە تایبەتی وەک نووسەرانی ژن پێویستە ئەم کەمتەرخەمیانەیان لە مێژوودا بۆ بنووسین، با نەوەکانی داهاتوومان بزانن لە ساڵانێکی دیاریکراودا چ کەسانێک یاسا و بڕیاریان بۆ ئێمە دەرکردووە و بڕیار و یاساکانیشیان چەند ئەرزشی هەبووە.

کە دەپرسی بۆچی خەمسارده؟ وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، چونکە ئەو تۆی بەلاوە گرنگ نییە، بوون و نەبوونی ژن لای ئەو وەک یەک وایە و مەرگ و ژیانی چ زیانێکی بەو نەگەیاندووە هەتا ئێستا، چونکە ژن نە هێزی هەبووە نە ئیرادە تا ببێتە فشارێکی جیدی و ناچاری بکات ددانی پێدا بنێت. سەرۆک خێڵێک بۆ حسابی بۆ دەکرێت، چونکە هێزی هەیە و بووەتە فشارێک، بەڵام ژن حسابی بۆ ناکرێت، چونکە نەبووەتە هێز و نەبووەتە فشار. ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بۆچی حیسابیان بۆ ناکرێت ئەگەرچی دەیان هەزار ئەندامیشیان هەیە؟ چونکە ئەگەر سەد هەزاریشیان بێت هەر نابنە هێز و ئیرادە، چونکە لە بندەستی پیاوان خۆیاندان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێمە تەنها و تەنها یەک ڕێگەمان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆماڵی ببێتە خەمخۆری مەسەلەی ژنان، ئەویش ئەوەیە کە قەناعەتی ڕەها لای سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان دروست بکەین کە ڕێفۆرمی بنەڕەتی لە سیستەمی بیرکردنەوە و ستركتووری حیزبەکان بکەن و لەناو ئەو ڕیفۆرمەشدا خاڵی بنەڕەتی باوەڕهێنان بێت بە یەکسانی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری. ڕەنگە ئێستا زۆر کەس بڵێن ئەمە مەحاڵە و ئەم حیزبانەی ئێمە چۆن وا دەگۆڕێن، بەڵام من دەڵێم مەحاڵ نییە و دەشێ ڕووبدات. لەناو هەر یەک لە حیزبەکانی کوردستانیشدا کەسێک و دووان هەر هەیە جێگەی ئەم ئومێدە بن. دوو ساڵ پێش ئێستا نێچیرڤان بارزانی لەبەرچاوی ڕای گشتی و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە (سیاسەتی یەکسانی) ڕاگەیاند. ڕاستە ئەوە پێشنیاری ئێمە بوو، بەڵام ئەگەر باوەڕی سەد لە سەدی خۆی نەبووایە ڕاینەدەگەیان. ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی بوو کەسێک لە حکومەتی کوردستاندا کە لە پێگەی سەرۆک وەزیراندا بێت و سیاسەتێکی وا ڕابگەیەنێت. بەڵام چونکە بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی لە کوردستاندا لە پلەیەکی بەرزدا نەبوو، بە هەمان شێوە بزوتنەوەی ئافرەتانیش زۆر لاواز بوو، نەتوانراوە ئەم دەستپێشخەرییە گرنگە بقۆزرێتەوە و لە بەرژەوەندی مەسەلەی ژناندا پەرەی پێ بدرێت. ئەگەر ئێستاش گوێ لە وتارەکانی نێچیرڤان بارزانی بگریت، دەبینی خۆی وەک سەرۆک وەزیران هەر پابەندە پێوەی و دەریدەبڕێت، بەڵام کەموکوڕییەکە لەوەدایە کە ئەو سیاسەتە لە ئاستی تاکەکەسی خۆیدا ماوەتەوە و بەگشتی نەکراوە و لە وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی تری حکومەتدا پەیڕەوی ناکرێت. من وەکو خۆم و بە حوکمی کارکردنم لەگەڵیدا و ناسینی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کاک نێچیرڤان ئۆمێدی ئەوەم پێی هەیە لەناو حیزبەکەی خۆیدا سیاسەتی یەکسانی بچەسپێنێت. چەند کەسێکی دیکەش لەناو پارتی شک دەبەم کە ئەم پرنسیپەیان لا پەسەندە و دەشێ لەمەودوا کاری جیدی بۆ بکەن. کە ئەم پرنسیپە لە نێو حیزبەکاندا بچەسپێت، لە ناو پەرلەمانیش و حکومەتیشدا دەچەسپێت. مەسەلەی ژن و پاراستنی ژن و یەکسانی جێندەر، بڕیاری سیاسی بوێرانەی پێویستە. من هیوادارم لەمەودوا کێبەرکێی نێوان حیزبەکان لەسەر مەسەلەی مافی ژن و دادپەروەری و مافی مرۆڤ بێت، تەنها بە کێبەرکێیەکی وا کۆمەڵگەی ئێمە دەتوانێت لەم دۆخی دواکەتنە دەربچێت و بچێتە قۆناغێکی دیکەوە.

- بزوتنەوەی فێمینیستی لە کوردستان لە چ قۆناغێکدایە و بە ڕای تۆ دەتوانین چی بکەین لە ئاستی تەنها کێشەیەک لە کێشەکان کە ئەویش کێشەی کوشتنی ژنە لە ژێر ناوی شەرەفدا؟

مەهاباد قەرەداغی: بزوتنەوەی ژنان لە کوردستاندا هێشتا نەبووەتە بزوتنەوەیەکی فێمینیستی و فەلسەفە و پرنسیپەکانی فێمینیزمی نەکردۆتەوە خاڵی دەستپێکی بەرنامە و کارەکانی خۆی. لە ئاست کێشەی کوشتن بە پاساوی شەرەف پێویستە بڕیاری سیاسی هەبێت و دەوڵەت لەسەریەتی هاوڵاتی خۆی بە ژن و پیاوەوە بپارێزێت. نابێت حکومەت شانی خۆی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە خاڵی بکات و تەنها بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مەلاکانی بسپێرێت. حیزبەکان پێویستە بە فەرمان و بە فەرمی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان ڕابسپێرن بۆ ئەوەی بەرنامەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیان هەبێت. دادگان پێویستە بە ئاشکرا حوکمی تاوانبارانی شەرەف بدەن و ئەم مەسەلەیە ببێتە دێباتی ڕۆژانەی میدیاکان. بەم حاڵەشەوە چەندان ساڵی دەوێت کە ئێمە تێڕوانینی باوی شەرەف بگۆڕین و تێڕوانینێکی سەردەمیانە بدەینە جەستەی ژن و شەرەفی پیاو. بە بڕوای من پێویست دەکات سەرۆک مام جەلال و سەرۆک بارزانی خودی خۆیان بێن و لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە ئیدانەی کوشتنی ژنان بکەن و پشتیوانی خۆیان بە ڕاشکاوی بۆ پرسی ژن و بۆ یەکسانی دەربڕن. ئەو کاریزمایەی کە ئەوان هەیانە پێویستە لە پرسێکی مرۆیانەی وادا بەکاری بهێنن و بەوەش ژیانی هەزاران ژن ڕزگار دەبێت و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆشیان ئاسوودە دەبن. سەرکردەکانی ئێمە زیاتر سەرقاڵی پرسە سیاسییەکان بوون، بەڵام پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش بە بارتەقای سیاسییەکان جێگەی بایەخن و چیدی دواخستن هەڵناگرن.

لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەشدا کە باسمان کرد، من وەک ژنێکی نووسەر و پێشمەرگەی یەکسانی هەر بە ئومێدی گۆڕان و گۆڕان و گۆڕان خەبات دەکەم و چاوەڕوانی ڕووناکیم.

2007/05/27

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.